# ناوی ئەو شەرکەت و ڕێکخراوە ئەلمانییانەی کە پشتگیری ڕژێمی فاشیستی عیراق کردووە.

# با پێکەوە داوای دادگاییکردنی ئەم تاوانبارانە بکەین!

سەرچاوەی سەرەکی ئەم لیستەیە لە گۆڤاری ئەلمانی دژ بە ملیتاریزم و خەبات لە پێناوی ڕێگەگرتن لە ئیکسپۆرتی چەك و چەکسازیDie Totes Kremer,1991 وTATORT Irak ,NOV/1990بڵاوکراونەتەوە.

مەترسییەکانی دەسەڵاتی فاشیزم و تاوانەکانی لە ماوەی ٣٥ساڵدا لە دژی گەلی عیراق، کورستان، ئیران و کووەیت بە پشتیوانی ئەم تاوانبارانە بەرنامەریزی بۆ کراوە. هەڵبەت بە گوێرەی سەرچاوەی نیویۆرك تایمز، وەزیری بەرگری ئێستای ئەمریکا، لە کاتی جەنگە عیراق–ئیران، لە١٩٨٣سەردانی عیراق کردووەو بە ڕێپێانی وەزارەتی ئیکسپۆرتی دەرەوە، چەکی بیولۆگییان بە ڕژێم داوە.

١/ ١٩٦٣ موخابەراتی ئەلماتی بە چەك، پوول و تەکنیك پشتگیری لە کودەتای بەعس دەکەن(سەرچاوە: گۆڤاری پۆگروم/٦٥–١٩٧٩، لا.٦١.

٢/ ١٩٦٣ شەرکەتی سیمنز(ئەلمانی–فەرەنسی)، بۆمبای ئیلیوشین–بۆدگەر، بۆ بۆردومانی شەوان بەکار دێت.(سەرچاوە: گۆڤاری پوگروم١٩٧٩،٦٥،لا.٦٢

٣/ ١٩٦٨ ئەلمانیا راکێتی کوبرا بە لەشکری عیراق دەدا. سەرچاوە: هەمان سەرچاوە، لا.٦١

٤/ ١٩٦٩ بێ سیم. سەرچاوە: Mierzwa.

٥/ ١٩٧٢ ٣٥شاحینەی جۆری١٥١٣، دایملەر بێنز(مرسیدس)، سەرچاوە: بارت/گوتمان،١٩٨٧لە کتێبی دایملەر،لا٧٠٢.

٦/ ١٩٧٥، ٧موختەبەری پێستیسیدە(Pestizide) شەرکەتی کارل کۆلپ و پیلۆت پلان. ئەم مەتریاڵی بۆ درووستکردنی چەکی کیمیاوی بەکار دەهێنرێت. سەرچاوە: (BULO, Breg-It.dpa,30.7.1984)

٧/١٩٧٦ مەشقپێکردنی ئەفسەرانی عیراقی لەلایەن سوپای ئەلمانی. سەرچاوە: پاکس کرستی١–٢ ١٩٨٤.

٨/ ٦٠هیلکۆپتەریBo-105، شەرکەتیMBB، لە ١٩٧٨وە ئەم شەرکەتە بە پێی سەرچاوەکانی خۆیان. ٦پسپۆڕی ئەم شەرکەتەش بۆ عیۆاق چوون.، ڕۆژنامەی زوید تسایتونگ.

٩/ ١٩٧٨، 26 فرۆکەی ئەلفا–جێت(Alpha-jet) ، شەرکەتی(Dornier Dassault)ئەلمانی–فەرەنسی. سەرچاوە: ڕۆژنامەی فرانکفۆرتە ئەلگەماینە، لە ٨٦/١١/٢٠.

١٠/ ١٩٧٨، 150راکێتی دژە ئاسمانی(Roland Flugabwwehr)، شەرکەتیMBBی ئەلمانی و Euro-Missileفەرەنسی. سەرچاوە: تەکنیکی سوپا،٥/٨٥و زوید تسایتونگلە ٨٢/٧/٢٨

١١/١٩٧٩، ئیلکترونیکی فرۆکەوانی شەوان، سیمنز. سەرچاوە: DVZ,Wulf1989,S63وDVZله ٨٤/١/٢٧.

١٢/ ١٩٧٩، سیستێمی دیاریکردن وپێکاندنی ئامانجی مەبەست، MBBئەلمانی. سەرچاوە: میرزوە، ١٩٨٩.

١٣/ ١٩٧٩، سیستێمی کۆمپیوتەر، ئەلمانیا، هێزی دەریاوان، ئاسمانی و بەشەکانی تری سوپای عیراق بە سیستێمی کۆمپیوتەری ئەلمانی بەیەك بەستراونەتەوە. سەرچاوە: میرزوا(Mierzwa)١٩٨٩.

١٤/ ١٩٧٩هیلوکۆپتەری(.Breguet-1150-AtlوAluette)، شەرکەتی(ئێم بی بی)، فەرەنسی- ئەلمانی. سەرچاوە/ پوگروم، ژ.٦٥، ١٩٧٩، لا.٦٢.

١٥/ ١٩٧٩، فڕۆکەی گواستنەوەی سوپا، (ئەلمانیا-ئیتالیا-ئەسپانیا-ئەنگلتەرا)، شەرکەتی ئێم بی بی و دۆرنیر. سەرچاوە: گۆڤاری پوگروم، ژ.١٩٧٩،٦٥، لا ٦٢.

١٦/ ١٩٧٩، ٥٠زرێپۆشی جۆریEE-11Uruta، شەرکەتی دایملەر بێنز و ئینگیسا، بەرازیل- ئەلمانیا. مۆتۆری کارتێکردن لە لایەن مرسیدسەوە درووستکرا. سەرچاوە: Brasilien -Nachrichten94/87,S.10, Military Tectical VS IDR IV/86> S.24,48

١٧/١٩٧٩ ٥٠زرێپۆشیEE-17Sucuri، شەرکەتی دایملەر بێنز و ئەنگیسا، ئەلمانیا-بەرازیل. هەمان سەرچاوە.

١٨/ ١٩٧٩،١٥٠زرێپۆشی EE-Cascaval، شەرکەتی دایملەر بێنز، ئەنگیسا( Engesa Zahnradfabrik) ، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٩/١٩٨٠ پەیمانبەستنی نهێنی چەکی ئەتۆمی لە گەل بەرازیل، حکومەتی ئەلمانیا و بەرازیل، سەرچاوە: رۆژنامەی فرانکفۆرتە ئەلگەماینە(FAZ)لە ١٩٩٠/٩/٤.

٢٠/ ١٩٨٠ ، 350 زرێپۆشی,EE-11Urutu,EE17Sucuri, EE9Cascaval، شەرکەتی دایملەر بێنز، ئینگیسا(ئەلمانیا و بەرازیل) Brasilien -Nachrichten94/87,S.10, Military Tectical VS IDR IV/86> S.24,48

٢١/١٩٨٠، شاحینەیEE-15/EE-25/EE-50، شەرکەتی دایملەر بێنز و ئینگیسا(ئەلمانیا و بەرازیل)هەمان سەرچاوە.(ئەم هەواڵە بەسێ هەواڵی جیاجیا بلاۆکراونەتەوە، من پێکەوە نووسیومن)

٢٢/ ١٩٨٠ ، ٥٠٠ شاحینەی گواستنەوەی زرێپۆش، شەرکەتی Blumenhard/Hella, Taurus/Fulda، سەرچاوە: گۆڤاری:

Blaetter des iz3W 103/1982,S48. BUKO Krieg Iran-Irak

٢٣/ ١٩٨٠، شەرکەتیکارل کولپ، دەزگای درووستکردنی چەکی کیمیاوی لە سامەرا. لە١٩٨٠وە عیراق توانای هەیە ساڵانە٤٨تۆن سارین و تابون(Sarin, Tabun) بەرهەم بهێنێت.رۆژنامەی فرانکفۆرتە روندشاو،١٩٩٠/٣/٢٠

٢٤/ 1980، چەکی کیمیاوی، پیلۆت پلانت، بە نرخی ٣٠ملیون دۆلار بە عیراق فرۆشراوە.فرانکفۆرتە ئەلگماینە تسایتونگ لە ١٨-١٩٩٠/٨/١٩

٢٥/ ١٩٨١، ٥٠٠٠چەكی دژە ئاسمانی بە ناوی(HOT)، شەرکەتیMBB/Euromissileئەلمانی–فەرەنسی.
سەرچاوە: دێر شبیگل، ژمارە٣٩، ١٩٩٠، ل.٣٣، Soldat u. Technik7/81, S.374 WT1/82, S.52
٢٦/ ١٩٨١، 4564زرێپۆشی دژە ئاسمانی(MILAN)، شەرکەتی ئێم بی بی و Euromissileئەلمانی–
فەرەنسی. سەرچاوە: دێر شبیگل٣٩، ١٩٩٠، ل.٣٣.

لیستەکە دوورو درێژە و پێمناکرێت بەرۆژێك هەموویان بنووسمەوە. بۆیە هەر رۆژێك ناوی٢٠–٢٠شەرکەت بۆ سایتی دەنگەکان دەنێرم.

سەلام عەبدوللا

٢٠٠٣/٢/١٩